# دادگای کارگێڕی

هێمن محمد حسن
لێکۆڵەری دادی لە دادگای بەرایی هەولێر



**پێویستییەکی هەنوکەیی**

ئاشکرایە دادگا شوێنی یەکلاکردنەوەی کێشەکانە و گۆڕەپانێکە بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و سەقامگیرکردنی دادوەرییە لە ناو کۆمەڵگا. هەرچەندە کاتی خۆی بیروباوەڕێک باو بوو کەوا پەنابردنە بەر دادگا کاری بێ دەسەڵاتانە و خاوەن دەسەڵات لەدەرەوەی دادگا کاری خۆی رایی دەکات. بەڵام ئەمڕۆ لە ژێر سایەی ئازادی و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی وپاڵپشتی دەسەڵات لەسەروەری یاسا ئەم بیروباوەڕەی بەرەو نەمان بردووە، بەڵگەی قسەکەشم وتەی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانە ( لە کوردستان نابێت کەس لە یاسا بەرزتر بێت). ئەو پێشکەوتنەی کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە کێشەی زۆریشی لە نێوان دەزگاکانی حکومەت وکۆمپانیاکان دروست کردووە و کێشەی لە جۆری تایبەت پەیدا بووە و دادگای تایبەتمەندی پێویستە، چونکە مانەوەی کێشەکان بە هەڵواسراوی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بوژانەوەی وڵاتدا دەبێت. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی زۆرجار لەو سنوورە یاساییە دەردەچێت کە بۆی دیاری کراوە، ئەمەش پێویستی بە چاودێری هەیە و دوو جۆرە سیستەمی چاودێری لە جیهاندا هەیە: چاودێری کارگێڕی وچاودیری دادوەری. هەرچەندە عێراق لەو وڵاتانەیە کە پەیڕەوی سیستەمی یەکگرتوو (موحد)ی کردووە، ئەمەش بە روونی لە یاساکاندا بە دیار دەکەوێت لە ماددەی ٢٩ ی یاسای ژمارە ٨٣ ی ساڵی ١٩٦٩ دادبینی شارستانی کە دەڵێت ( تسری ولایه المحاکم المدنیه علی جمیع الاشخاص الطبیعیة والمعنویة بما فی ذلک الحکومة وتختص بالفصل فی کافة المنازعات الا ما استثني بنص خاص) بەڵام دروست کردنی دادگای کارگێڕی کە بابەتی باسی ئەم نووسینەیە لە ناوەڕۆکی یاسای رێکخستنی یاسای ژمارە ( ١٤٠ ساڵی ١٩٧٧ ) تایبەت بە دادگای کارگێڕی هەموارکراو بە یاسای ژمارە ( ١٣٠ ساڵی ١٩٨٠ ،لە هۆکارەکانی دروستبوونی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەوا سروشتی تایبەتیان هەیە، چونکە بەر لە دروستبوونی دادگای کارگێڕی هەر کاتێ کێشە لە نێوان هاووڵاتیان وحکومەتدا دروست بووبێ، دادگا تەنها بڕیاری قەرەبووکردنەوەی دەردەکرد و توانای (الغاء) کردنی بڕیارەکەی نەبووە بەڵکوو رێگای نەهێشتنی هێزی جێبەجێکردن (قوه تنفیذیة) بە بەرهەڵستیکردنی ئەو دەزگایەی کە بڕیارەکەی دەرکردبوو. دروستبوونی دادگای ئیداری بۆ نەهێشتنی ئەو ستەمەی کە بەر فەرمانبەر یاخود ئەو زەرەرو زیانانەی بەر حکومەت کەوتووە ٠ دادگای ئیداری داواکانی شێوەی پەلەیان هەیە رێگای تانەلێدانی تەنها پێداچوونەوەیە و دادوەری تایبەتمەند بە فەرمانی وەزیری داد لە نێوان پلە یەک و دوو دادەمەزرێت کە ئێستا وەزیری داد مافی دامەزراندنی هیچ دادوەرێکی نییە بە پێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ ٠ وئەم دادگایە تایبەتمەندە بە بینینی ئەو داوایە شارستانییانەی کە حکومەت یاخود هەر دەزگایەکی حکومی و لەگەڵ هاووڵاتیاندا لە ئارادا بێت ٠حکومەت داواکار بێت یاخود داوالێکراو بە پێی دیارکردنی نرخی داواکە بە پێی برگەی١/١ لە یاسای ژمارە ١٣١ساڵی ١٩٨٠ ی ناوبراو. کەواتە گەر داوایەکی سزایی لەسەر حکومەت بەرز بکرێتەوە ناچێتە ژێر تایبەتمەندی ئەم دادگایە و داواکانی بەردەم ئەم دادگایە سیفەتی بەپەلەیان هەیە٠ دادگای ئیداری دادگایەکی (تطبیقی) ە لەگەڵ دادگای ئیداری فەرەنسی جیاوازە، لەوەی دادگای ئیداری فەرەنسی چارەسەر دەدۆزێتەوە بۆ ئەو کێشانەی کە دێتە بەر دەمیان واتا (خلق الحلول) دەکەن٠ بەڵام دادگای ئیداری عێراقی لەسەر بنەمای چەسپاو دەڕوات و هەر ناکۆکییەک لە نێوان دادگای ئیداری و دادگاکانی تر یاخود لە نێوان دادگای کارگێڕی لەسەر تایبەتمەندی جوگرافی و فەرمانبەری (اختصاص وظیفي ومکاني) بە پێی مادەی ٧٨ لە یاسای دادبینی شارستانی کە دەڵێت ( اذا قضت المحکمة بعدم اختصاصها القیمي او الوظیفي او النوعي او المکاني وجب علیها ان تحیل الدعوی الی المحکمة المختصة مع الاحتفاظ بما دفع من رسوم قضائیة)ئەوا لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستەی فراوان ئەم کێشانە چارەسەر دەکات بەپێی مادەی ٣ لە یاسای دادگای کارگێڕی. تاکو ئێستاش ئەم دادگایە بەردەوامی هەیە لە عێراقدا و ئامارەکان دەریانخستووە کەوا لە ساتی دروستبوونیەوە زۆرترینی کێشەکانی چارەسەر کردووە. بەڵام لە کوردستاندا پاش ڕووخانی رژێم و دروستبوونی دەسەڵاتی دادوەری تاکو ئێستاش لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری تازە ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ ئەم دادگایە ناوی نەهاتووە. بە رای من بوونی ئەم دادگایە کارێکی زەرووری و پێویستە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشانەی کە دێنە بەردەم دادگای بەرایی وخێرایی بڕیاردان تیایداو شایانی ئەوەیە دەسەڵاتداران بیرێک لە دروستکردنی ئەم دادگایە بکەنەوە.

سەرچاوەکان

مجلة القضاء /العدد ٤ ساڵی ١٩٧٧
یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣ ساڵی ١٩٦٩)
یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ساڵی ٢٠٠٧)